**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

# ڕێكخراوی مینبەری پەنابەران لەكۆبوونەوەیەكی بەرفراوان دا پشتیوانی لەپەنابەرانی كوردی عیراقی رادەگەیەنن

دۆینێ 24–11 ڕێكخراوی مینبەری پەنابەران لە ناوچەی رید بریج كۆبوونەوەی سالانەی خۆیان گرت، لەم كۆبونەوەیەدا ژمارەیەكی بەرچاو لە ڕێكخراوەی پەنابەری و ئینسانی كان بەشداریان كرد .



دەشتی جەمال بە نوینەرایەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەم كۆبوونەوەیەدا بە پیشكەشكردنی قسەوباسیك لە بارەی سیاسەتی گیرانەوەی بە زۆری پەنابەران عیراقی، لە لایەن دەولەتی بەریتانیاوە بە شداری كرد. دەشتی جەمال لە باسەكەیدا ئاماژەی دا بە ناوەرۆكی سیاسەتی دیپۆرت كردنەوەی پەنابەران ودژایەتی و پێچەوانەی بەمافەكانی ئینسان وپەنابەران و مافی نیشتەجێ بوون كە دەولەتی بریتانیا لە ئاستی نیو دەولەتی ئیمزایان لێ داوە ، هەروەها باسی لە گرنگی و پیداگری ڕێكخراوە پەنابەری و ئینسانی یەكان كرد بۆ پاراستنی ئەو ماف و دەتسكەوتە ئینسانیانە. وەلەدریژەی قسەوباسەكاندا دەشتی جەمال چووەسەر وەزعیتی سیاسی وباری نائەمنی و جەنگو تیرۆرو تەقانەوە كە لەژیر سایەی داگیركاری ئەمریكادا بە رۆكی بە خەڵكی عیراق كردوە، ولەبەشێكی تری قسەو باسەكاندا لە سەر نائەمنی كوردستان و تیرۆر و كوشتنی ژنانو پێشیلكردنی ئازادی سیاسی و گرتنی هەڵسوراوانی سیاسی و فەسادی ئیداری وپێشیلكردنی خواستەكانی خەڵكی كوردستان لەلایەن دەسەلاتدارانی كوردەوە، دووا و ئەو هۆكارانەی پەنابەرانی كوردی ناچار بە ئاوارە بوون كردوە خستەروو.



پاشان كۆوونەوەكە ماوەی دا بە بەشداربوان بۆ رادەربرین و پرسیاركردن كە سەرجەمیان نیشانەی نارەزایەتی دەربرین و راگەیاندنی پشتیوانی بوو لە پەنابەرانی كورد و كەمپینی فیدراسیۆن ولەویشدا ئەم ئەنجامانە وەك دەست كەوتی كۆبوونەوەكە راگەیندرا:

- نامە نارەزایەتی بەناوی ئەو ڕێكخراوانەوە ئاراستەی هۆم ئۆفیس دەكرێو داوای راگرتنی دیپۆرتی بەزۆری پەنابەرانی كورد دەخریتەروو.
- لە گەل ئەندام پەرلەمانی ناوچەی رید بریج قسەو باس دەكرێت بۆ هینانی پشتیوانی زیاتر بۆكیشەی پەنابەران..
- لە نیو رۆژنامەو هەواڵ نامەكانی ڕێكخراوەكانیان هەواڵەكانی دیپۆرتی پەنابەرانی كورد بلاو بكەنەوەو بە پەنابەرانی كوردی عیراقی چاوپێكەوتن ئەنجام بدەن .
- لە هەڵسوران و چالاكیەكانی فیدراسیۆن بۆ سەركەوتنی كەمپینی فیدراسیۆن بەشداری دەكەن .

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2005-11-26**

www.federasion.org Tel:0 7734704742